وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ سەردانێك ڕێك دەخات بۆ بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ یەکێتی ئەوروپا**

عێراق - ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ ئەم هەفتەیە سەردانێکی توێژکاری ڕێك خست بۆ بەرپرسانی حکوومی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتیی کۆچ و کۆچبەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی سەردانی فەرەنسا و بەلجیکا و هۆڵەندا بکەن.

سەردانە ٥ ڕۆژییەکە لەڕێگەی پرۆژەی ماگنێت ٢ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە ڕێك خرا کە لەلایەن سندوقی گەڕانەوەی یەکێتیی ئەوروپاوە پاڵپشتیی دارایی لێ دەکرێت. ئەم پرۆژەیە ئامانجی ئەوەیە یارمەتیی هاوڵاتییانی عێراقی بدات کە بەشێوەی خۆویستانە لە وڵاتانی بەلجیکا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەریتانیاوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئەویش لەڕێگەی دابینکردنی مەشقی پیشەیی و خستنە سەرکار لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لەوەتەی نیسانی ٢٠١٤ەوە تا ئێستا پرۆژەی ماگنێت یارمەتیی ٧١ سودمەندی داوە لە دۆزینەوەی کار. هەروەها ٣٣ گەڕاوەی دی سوودمەند بوونە لە مەشقی پیشەیی.

لە هەر یەك لەو سێ وڵاتەدا، بەرپرسانی حکوومیی هەرێمی کوردستان چاویان کەوت بە نوێنەرانی وەزارەتەکانی کار و شارەزاییان وەرگرت لەبارەی سیاسەتەکان و ڕێکارەکانی تایبەت بە دامەزراندن لەسەر ئاستەکانی نیشتمانی و خۆجێیی بۆ باشترکردنی دەرفەتی کار بۆ کارخوازان.

هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئێستەدا دووچاری تەنگژەیەکی ئابووری و بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری دەبێتەوە ئەویش بە هۆی چەند ئاستەنگێك. لەنێو ئاستەنگەکاندا ئەمانەهەن: بڕانی بودجە، تێچووی مرۆیی و دارایی شەڕی داعش، لەخۆگرتنی زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارە و نزیکەی ٢٥٠ هەزار پەنابەری سووری.

شاندەکە هەروەها لەگەڵ بەرپرسانی کۆچ لەو سێ ولاتەدا کۆ بوونەوە و جەختیان لە گرینگیی هاوکاریی خۆگونجاندن کرد بۆ هاوڵاتییانی عێراق کە بە ویستی خۆیان دەگەڕێنەوە.

بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەران شوکر یاسین گوتی: پرۆژەی ماگنێت مۆدێلێکی باشە بۆ ئەوەی هاونیشتیمانیانمان بەشێوەیەکی درێژخایەن خۆیان بگونجێنن و ئێمە هانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی بەشدار لە پرۆژەکە دەدەین کە بەردەوام بن لە پاڵپشتیی پرۆژەی ماگنێت. لە ٢٠١٥دا چەندان عێراقی مولك و ماڵی خۆیان فرۆشت و ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە تا بگەنە ئەوروپا. زۆر لەوانەی کە گەیشتن هیوای کەمیان هەیە کە بتوانن لە ئەوروپا بمێننەوە و لەبەر ئەمەش ئێمە بەرزبوونەوەیەك لە لێشاوی گەڕانەوەدا دەبینین لەم چەند مانگەی دواییدا. زۆر گرینگە ئەمانە پاڵپشتی بکرێن لە گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی خۆیان.``

بەڕێوەبەر لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عارف حیتۆ گوتی: ``ئەم هەفتەیە ئێمە زۆر شت فێر بووین لەبارەی سیاسەتەکان و ڕێبازەکانی باشترکردنی مەشقی پیشەیی و دەرفەتی کار بۆ گروپە دیاریکراوەکان. بە هاوکاریی نزیك لەنێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و هاوبەشەکانی، ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ئەم زانیارییانە لە هەرێمی کوردستان بکەینە کردار لە پێناو بەرژەوەندیی گەڕاوەکان و کۆمەڵگە خانەخوێکان.``

بەڕێوەبەری پرۆژەی ماگنێت ٢ نازەنین نۆزاریان گوتی: ``بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان عێراق و یەکێتی ئەوروپا هەنگاوێکی جدییە بەرەو هاوبەشیی زیاتر لە بواری پەرەپێدان و کۆمەکیی مرۆیی. نێردەکانی ڕێکخراوی نێودەوەتیی کۆچ لە وڵاتە بەشدارەکان پابەندن بە کارکردن لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و نوێنەرانی حکوومەتی عێراق بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی گەڕانەوە بۆ ئەو هاوڵاتییانەی عێراق کە بەشێوەیەکی خۆویستانە دەگەڕێنەوە - بەتایبەتی لە کاتێکدا کە گەڕانەوە لە بەرزبوونەوەدایە.``

بەرپرسی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق تۆماس لۆسار ڤەیس گوتی: ``پرۆژەی ماگنێت کە لەلایەن نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە فەرەنسا بەڕێوە دەبرێت، هاوکاریی پێشکەش بە هاوڵاتییانی عێراقی دەکات کە دەگەڕێنەوە ولاتی خۆیان، وەکو هاوکاریکردنیان لە بەشداریکردن لە مەشق و دۆزینەوەی کار و بەشداریکردن لە کۆمەڵگاکانیاندا. ئەم سەردانە توێژکارییە پەیوەندییەکان لەنێوان بەرپرسانی عێراقی و یەکێتیی ئەوروپا بەهێزتر دەکات، و لەڕێیەوە ئەزموونی پاڵپشتی لە دۆزینەوەی کار و باشترکردنی دەرفەتەکانی کار بۆ گەڕاوەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئێمە هیوادارین ئەم هاوکارییە درێژەی هەبێت.``


بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

نازەنین نۆزاریان لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە فەرەنسا

٠٠٣٣١٤٠٤٤٠٦٨٤

nnozarian@iom.int

یان ساندرا بلاك بەڕێوەبەری میدیا و پەیوەندییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق

٠٧٥٠٢٣٤٢٥٥٠

sblack@iom.in